

# شەهید
# بەکر مەلازیادی

## بەکر بایز ڕەشید حەمەد

یەکێکی دیکە لەو کەسانەی لە پێناو خاک و نەتەوە و نیشتیمان و پارێزگاری کردن لە هەرێمی کوردستان، لەبەرانبەر هێرشەکانی داعشدا، لە شەڕی داعش، شەهید بووە، شەهید بەکر بایز ڕەشید حەمەدە، ناسراوە بە بەکر مەلازیادی.

بەکر بایز ڕەشید حەمەد، لە یەکی تەمموزی ساڵی (١٩٧٨) لە گوندی مەلا زیاد-تەق تەق، قەزای کۆیە لەدایک بووە، لە خوێندندا تاکوو پۆلی شەشی سەرەتایی/بنەڕەتی خوێندووە، لەدواتردا بەهۆی فەقیری و هەژاری و کەم دەرامەتییەوە وازی لەخوێندن هێناوە و زیاتر سەرقاڵی کارکردنی جیاواز بووە، لە ناوچەکەدا.

شەهید بەکر، لە ساڵی (١٩٩٤) و لە تەمەنی شازدە ساڵیدا، چەکی لە شانی کردووە و بووە بە پێشمەرگەی کوردستان و لەو ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری زۆربەی ئەو شەڕانەی کردووە، کە لەو ماوەیەدا ڕوویداوە، لەوانە شەڕی "جوندولئیسلام" لەهەورامان و "کۆتایی هێنان بەڕژێمی بەعس و سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)" و بۆ دواجاریش بەشداری لە "شەڕی داعش" کرد و تێیدا شەهید بوو.

شەهید بەکر، پلەی سەربازی نەقیب بووە.

بەکر بایز، لە ساڵی (2002)دا ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بەناوی (هاوژین

فەیسەڵ فارس) پێکهێناوە و بەرهەمی ئەو هاوژینی و بەیەکەوە بوونەیان کوڕێک بە نێوی (مالیک، تەمەن نۆ ساڵ) و کچێک بەنێوی (ماردین، تەمەن سێزدە ساڵ)ە.
لەسەرەتای هاتنی داعش و نزیک بوونەوە و فشارەکانی بۆ سەر سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان، بەکر بایز، بەشدار بووە لە بەرگری کردن لە خاکی کوردستان و تێکشکانی هێرشەکانی داعش و بەرپەچدانەوەی کۆی گشتی هێرشەکان، تا ڕێککەوتی حەوتی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٦)، لە ناوچەی باقرت، لە شاری مەخموور، لەکاتی پشکنینی ڕێگا و بان، بەمەبەستی پوچەڵکردنەوەی ناوچە مین ڕێژکراوەکان، بۆمبێکی چێندراوی پێدا دەتەقێتەوە و دەچێتە ڕیزی شەهیدانی کوردستان.
بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێزان (عەزیز بایز ڕەشید حەمەد، برای شەهید و برایم بایز ڕەشید حەمەد، برای شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی یازدەی تەمموز، ڕۆژی دوو شەممە، لەماڵی عەزیز بایز، لەگوندی مەلازیاد-تەق تەق.



## زامدار ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ



